# سۆفیگەرێتی

هاشم سەڕاج




سۆفیگەرییەتی، یان ئینجیلی مۆدێرنی (کازانتزاکیس) ئەم تێکستە فەلسەفی و شیعرییەی نیکۆس کازانتزاکیس بەبنەماو سەرچاوەی فیکرو بۆچوونەکانی دادەنرێت کە لە ڕۆمانەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە «ڕەوف حەسەن» لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە و هاوکات هەوڵی داوە لە ڕێگەی زمانی کوردییەوە پرشنگە شیعری و تیشکە سۆفیزمییەکان بگوازێتەوە، «نیکۆس کازانتزاکیس» ساڵی ١٨٨٣ لەدوورگەی «کریت» لەدایک بووە.. لە ٣٠ساڵیدا چووەتە دیدەنی «چیای پیرۆز- ئایۆس ئۆرۆس» و سرووشی دانانی ئەم کتێبەی لەوێوە هەڵگرتووە کە یەکەمین ڕەشنووسی بۆ ساڵی ١٩١٤ دەگەڕێتەوە.. بەڵام لەساڵی ١٩٢٧دا بڵاوکرایەوە» بەرلەوەی ڕوو لەکتێبی سۆفیگەرێتی بکەین هەوڵ دەدەین گوفتارگەلێکی فەلسەفی بخەینەڕوو، دواتر لەڕێگەی هزرو بۆچوونەکانی «نیکۆس»ەوە گەشتێ ڕووەو خود دەکەین و لەچرکەساتە نیگەرانییەکانی ڕۆحی ئینسان دەکۆڵینەوە «زینۆن» دەڵێ «مرۆڤ گەردوونێکی چکۆلەیە».. هەروەها ئەفلاتوون و پەیڕەوانی ڕێچکەی ئەفلاتوونی نوێ.. جەخت لەسەر تیشکێکی یەزدانی دەکەنەوە «بەڵێ تەنانەت لەگوڵە باخێکدا و لەگوڵە نێرگزێکیشدا ئەم جۆرە تیشکە خوداییانەیە دەبینین». «پڕیشکی ئاگرەکە».. ئەم ڕووناکی خوداییانەیە لەبوونەوەرەکاندا هەیە، لەناو گوڵە خەشخاشێکدا، کە دەدرەوشێتەوە.. بەڵام مەزنترین نهێنی خواییانە لە ڕێگەی ڕۆحی خۆمانەوە لێی نزیک دەبینەوە.. لەوێ لەگەڵ نهێنی ژیاندا ببینە یەک».. «قدیس ئاوگستین» دەڵێ «مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕۆحانییە، کە خاوەنی لەشێکی مادییە، لەشیش سەر بەجیهانی فیزیاوییە و ملکەچی نەمان و فەوتانە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا مرۆڤ خاوەنی ڕۆحێکیشە کە دەتوانێت درک بەخودا بکات و بیناسێت».. «سپینۆزا» خودای لەهەموو بوونێکدا دەبینی- «خودا جیهانەو جیهان لە خودا دایە، هەروەها لای سپینۆزا مادە ڕەسەنەکە، سروشت، خودا، خودا تەنیا لە ڕێگەی یاسای سروشتییەوە خۆی نیشان دەدات».. لای «لۆک» خودا لەناو خودی ئەقڵی مرۆڤدا هەیە».. بەڵام ئەگنۆستیک کەسێکە کە نازانێت خودا هەیە، نیکۆس کازانتزاکیس لەم تێکستەدا چۆن دەچێتە نێو خود و هەوڵی دۆزینەوەی نهێنییەکانی جیهان دەدات.. هەڵبەتە ئەو

گوفتار و گەلانەی لەسەرەوە خرانە ڕوو لەکتێبی «جیهانی سۆفیا» وەرگیراون کە لە نووسینی «یۆستاین گاردەر»ەو بەهرۆز حەسەن لە دانیمارکییەوە کردوویە بەکوردی. وەک لە پێشەکی کتێبی سۆفیگەرێتیدا هاتووە کە کازانتزاکیس- کاریگەری «پیشە» و «بێرکسۆن»ی بەسەرەوە دیارە و هەروەها خۆی دانی پێدادەنێت کە کاریگەرێتی «ئۆدیسیۆس»و (زۆربا )ی لەسەرە. «زۆربا» لە باشووری یۆنان کابرایەکی داربڕ بووە و کازانتزاکیس ماوەیەک لەتەکیدا ژیاوە و دەڵێت «لەزۆرباوە خۆشەویستی ژیان فێربووم» ، بەڵام ئەگەر تۆزێ لەڕستە و دەستەواژە و بڕگەکانی کتێبی «سۆفیگەرێتی» ڕابمێنین هەست بە ئەو گومان و ململانێیە دەکەین کە لەخودی کردەی نووسیندا بەرجەستە کراوە و هاوکات هەڵگری نیگەرانییەکی نهلیستی و ئەڤینێکی سۆفیزمییە، لەهەمان کاتدا گەڕانێکی هەمیشەییە و بەدوای چەمک و مانای بوون و چارەنووسی ئینساندا دەگەڕێ و گەڕانێک لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی و بەزمانێکی شیعری کێشە و گرفتە ئەزەلییەکان دەخاتە ڕوو..:

«خۆر لەنێو کاسەی سەرمدا هەڵدێت و ئاوا دەبێت..لە ئەقڵمدا ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە» «لەخاڵێکی تاریکەوە هاتم کە «منداڵدانە» و بەرەو خاڵێکی تاریکی دی دەچم کە گۆڕە» «تامەزرۆی تاقە شتێکم.. بزانم چی لەودیو دیاردەکانەوە خۆی حەشارداوە! ئەو نهێنییە چییە دەمبوێنێ و ئەمجا دەممرێنێ» زۆرجار کردەی نووسین لە قوولایی نیگەرانییەکی ڕۆحییەوە سەرچاوە دەگرێ و سەبارەت بەگەوهەری بوون پرسیارگەلێکی بێ وەڵام دەخاتە ڕوو، کە ڕاستەوخۆ بەگەمە و گەپی گەردوون و چارەنووسی نادیاری وجوودی مرۆڤەوە پەیوەستن، دەکرێ پرسیارەکان بەسەمای گەردیلەگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ بچووێنرێن کە لەکەشکەڵانی فەلەکدا بەڕەوش و شێوەیەکی سیزیفیانە دەخولێنەوە.

«کێ تۆوی ئێمەی بەزەوییەوە وەشاند.. بێئەوەی پرسمان پێبکات؟ کێ لەم زەویەوە دروێنەمان دەکات.. بێئەوەی مۆڵەتمان لێوەربگرێت» ، یان دەڵێ «من زەمیلەیەکی پڕ لە گۆشت و ئێسک و خوێن و فرمێسک و ئارەقی ئاوێنەی ئارەزوو خەون و ئەندێشەم (..) لەنێویدا ژن و پیاوێک ئاوێزانی یەکدین.. دڵداری دەکەن و یەکدی دەبوغزێنن و.. تێدەکۆشن».. وەرگێڕی کوردی لەمەڕ کتێبی سۆفیگەرێتییەوە دەڵێ «سۆفیگەرێتی کازانتزاکیس.. کڵپە و بڵێسەی لە ئاگری زەردەشتییەوە.. تین و تەوژم و جۆش و خرۆشی لەدڵ و هەناوی مرۆوە.. گەشەسەندنی باڵاڕەوی لەداروینەوە.. ئەڤین و خۆشەویستی و لێبوردەیی لە «مەسیح»ەوە. ململانێی چینایەتی و دادوەری کۆمەڵایەتی لە مارکسەوە.. ڕێژەیی شوێنکاتی لە ئاینشتاینەوە وەرگرتووە و.. لەگشتیشیانەوە «عیشق»ێکی جاویدانی گەڵاڵە کردووە و لەخودی ئەو «خواوەندە»دا گەشتر و بە جۆشتر و جوانتر دەنوێنن ئەو خوداوەندەی کە خۆی بنیادی ناوە.. ئەوەی کە لە مرۆڤ ناچێت».

کازانتزاکیس وەک مەسیحییەکی نیگەران و ڕاڕا لەمەرگەساتەکانی بوون و جەور و ستەم و نەهامەتییەکانی ژیان دەڕوانێ و دەزانێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی ساویرێکە لەوەهمخانەی ژیاندا، پراکتیزە ناکرێ، یان لەڕوانگەی فەلسەفەی «شۆپنهاوەر»ەوە گەوهەری بوون و تابلۆگەلێکی خەفەتباری پڕ خەمۆکی و دیمەنگەلێکی قێزەون لە ئاسەوارەکانی پەتا و دەرد و نەخۆشی و مەرگ دەخاتەڕوو.. [گەرەکمە بیانوویەک بدۆزمەوە تاکو لەژیاندا بەردەوام بم و بۆ ئەوەی ڕۆژانە بەرگەی ئەو دیمەنە تۆقێنەرانەی نەخۆشی و دزێوی و ستەم و مەرگ بگرم] هاوکات بەشێوازێکی برووسکەیی و هەستێکی ئەنتۆلۆژی چەمکی کۆتاییەکان دەورووژێنێ.. [بەڵێ.. ئارمانجی ئەم زەمینە نەژیانە و نە مرۆڤ.. ئەو بەبێ ئەوان ژیاوە و دوایش بەبێ ئەوان دەمێنێ.. ژیان و مرۆڤ پزیشکە ساتەوەختییەکانی سووڕانەوە بەزەبر و زەنگەکەیەتی] هاوکات هەستێکی «ئەپیکۆر»ی لەکانگای تێکستدا بوونی بەردەوامی خۆی پاراستووە و وەک هێزێکی هەمیشەیی بڕوای تەواوی بە ئێش و لەززەت هەیە و لە پڕێکدا هەڵدەچێ و هەست و سۆز و ئەڤینگەلێکی دیۆنیسۆزی و نیهلیزمی لەنێو دڵ و دەروون و زەینی خوێنەردا دەورووژێنێ و لەهەمان کاتدا ڕووبەڕووی ژەنگ و ژاڵەکانی عەقڵی فێندە مێنتالیست و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری گەمژە و دەمارگیر و هەڵەشەکاران دەبێتەوە.

کازانتزاکیس لەم تێکستەدا جەخت لەسەر چرکەساتە هەنووکەییەکان دەکا و دەزانێ بەختەوەری هەتا هەتایی وەهمێکە لەسەراب، کەواتە پێویستە ئینسان

ترسی لێ نەنیشێ و هەوڵ بدا غەریزە ڕۆحییەکانی بەلەنجەبێنێ و لە ئێستادا بژی و لەئێستادا بیربکاتەوە و لەئێستادا گۆرانی بچڕێ و گەمە ئیرۆتیکییەکانی ئەنجام بدا، یان لەئێستادا بەهەستێکی ڕۆحی چێژ و لەززەت لەجوانییە ناوازەکانی جەستە وەربگرێ، چونکە مرۆڤ هێدی هێدێ و لەسەرەخۆ و بەشێنەیی سەرلەبەری هێز و توانست و هیوا و ئومێد و شتگەلە دانسقە و نازپەروەرەکانی لەدەست دەدا، [بەسۆز و پەرۆشەوە دیدەت بگێڕە و ئەوجا بڵێ: ماڵ ئاوا، بڕوانە دەوروبەرت.. گشت ئەو جەستانەی دەیانبینیت هەڵدەوەشێنەوە و دەڕزێن و قوتار بوون نییە، نەوەکانی بەشەر لەخاکەوە سەردەکەون و دوایی ژێرخاک دەکەونەوە، ئێمە بەرەو کوێ مل دەنێین؟ مەپرسە؟ سەرکەوە و دابەزە نەسەرەتا هەیە و نەکۆتایی، ئەم چرکەساتەی ئێستە هەیە.. لێوانلێوی تاڵاوە و لێوانلێوی لەززەتە، بە تەواوی پێی شادمان بە، جەستەمان کەشتییەکە لە ئاوێکی قووڵی شیندا مەلە دەکات سەوڵ لێدەو.. بشڵێ: هیچ شتێ نییە! نە ژیان هەیە و نە مەرگ].. کەچی بەردەوام لەناخی مرۆڤدا هاوارێکی شاراوەی ئاڵۆسکاو هەس شەیدا و موبتەلای یەکتابوونە، گوێ بۆ ئەم هاوارەی خودت هەڵخە.. جار جارە پێت دەڵێ «بێگومانم لەوەی من بەشێکم لە گەردوونی بینراو و نەبینراو».. یان وەک ئەو بڕگە نیتشە- هایدگەرییەی کە- ئۆشۆ- لە کتێبی- عەشق سەمای ژیانە-دا دەیخاتە ڕوو و دواتر بەهەستێکی ئەفلاتوونی لەو تاسە و ئەڤینەی یەکتابوونە دەدوێ.. «هیچ شتێک لە ڕەهەندی زەمەن هەتا هەتایی نییە، ئەو شتەی کە لەزەمەن و کاتدا لەدایک دەبێت لەزەمەن و کاتدا دەمرێت، ئەگەر دەستپێکێک هەبێت بە دڵنیایی کۆتاییەکیش هەیە]، یان دەڵێ «خۆشەویستی تاسەیەکی زۆری دەروونییە بۆ یەکبوون لەگەڵ گشتدا، ئارەزوویەکی دەروونییە بۆ نقوم بوون لە یەکتابووندا، سەرچاوەی خۆشەویستی دابڕانە، بەبێ خۆشەویستی شادی و چێژوەرگرتن نابێت.. بەبێ خۆشەویستی ژیان واتایەکی نییە»، یان وەک مەسیحییەکی نیگەران لەبەردەم قاپی میهری باڵادا دەلاڵێتەوە و دەڵێ «خواوەند بەخۆشەویستی و شکۆوە دەمخاتە ڕوو.. لەمن زێتر هیچ ئومێدێکی دی نییە.. ئەمجا دەفەرموێ: «ئەوە ئەو مەستەیە هەمووشتێک دێنێتە ئاراوە و.. بەهەموو شتێک شادمان دەبێت و هەموو شتێکیش تەفر و توونا دەکات.. ئەوە کوڕەکەمە!»، بەڵام خوداوەند لەتێکستی سۆفیگەرێتیدا هێزێکە لە عیشق و توندوتیژی.. بوونەوەرەکانی خۆش دەوێ کەچی دواتر تەفروتوونایان دەکا، عیشقێکی زەبر و زەنگاوی هەمیشە خودی مرۆڤ ڕووە و گەشتەکانی خۆدۆزینەوە ئاراستە دەکا، بەئومێدی ئەوەی بەستەڵەکەکانی بەدبەختی تێک بشکێنێ و سەرچاوەیەکی خۆشی و شادمانی بدۆزێتەوە، پێوەندی نێوان خود و خوداوەند بەم شێوەیەیە [خواوەند هێز و توانایەکە هەموو شتێک دەگرێتە خۆی.. هێزێکە هەموو شتێکی لێدەکەوێتەوە.. گشت شتەکان دەڕەخسێنێ و خۆشیانیشی دەوێت و.. دوایی دەیانفەوتێنێ..» چەمکی سۆفیگەرێتی لەجیهانێکی داخراوەوە بەرەو گەردوونی بێ سنوور هەنگاو دەهاوێژێ و ئاوێتەی چرکە زەبر و زەنگییەکانی عیشق و گەمە ئیرۆتیکییەکانی جەستە و یەکتابوونی سەرلەبەری شتگەل و خەڵقندە و ئاوازە چێژ بەخشەکانی گیان دەبێ.. کەواتە مرۆڤ گەردوونێکی بچووکە، یان پاژێکە لە جەستە مەزنەکە!

«حۆرییەکان دەفڕێنین و دەیانبەینە نێو کەشتیەکەمانەوە.. تا ئەوانیش لەگەڵماندا لەسەفەردا بن، خواوەند لەناخی دڵمدا هاوار دەکات «ڕزگارم کە».. خواوەند گازی بەشەر و ئاژەڵ و ڕووەک و بێگیان دەگات «قوتارم کەن!» بەم جۆرە سۆفیگەرێتی لەکانگای عیشقێکی سووتێنەرەوە سەرچاوە دەگرێ، عیشقێک دڵ و زەین و گەردوون ئاوێزانی یەکدی دەکا، پێویستە «مرۆڤت خۆش بوێ.. چونکە ئەو و تۆ خۆتیت. ئاژەڵ و ڕووەکت خۆش بوێ.. چونکە تۆیش چوون ئەوان بوویت.. ئێستەش ئەوەتا وەدووتەوەن و باوەڕیان پێتە و هاریکاری و نۆکەریشت دەکەن» دوایین جار بەهەستێکی نیهلیستی گوزارشت لەم یەکتابوونەی سۆفیگەرێتییە دەکرێ: «ڕەچەڵەک و مرۆڤایەتی و زەمین و.. تیۆرە و پراکتیزە و خواوەند لە شەبەنگێکی لەخاک و ئەقڵ پێکهاتوو زێتر چیدی نین».

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب –سۆفیگەرێتی– نووسەر: نیکۆس کازانتزاکیس، وەرگێڕ: ڕەوف حەسەن، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ٢٠٠٥.**